حزبی رزگاریی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
Rizgary Party of Kurdistan
Political Burea

# یەک ئایار، رۆژی هاوپشتی کرێکاران پیرۆز بێ

**کرێکاران! زەحمەتکێشان!**

یەکی ئایار وەک رۆژی هاوپشتی کرێکاران کۆڵەکەی هاوبەشی خەباتی ستەملێکراوانە، هەربۆیەش لەم رۆژەدا کرێکار، زەحمەتکێش و چەوساوانی جیهان رێز لە خەبات و قوربانیدانی چینی کریکاران دەگرن و یادی ئەو خەباتیگێڕانە دەکەنەوە کە بۆ داهاتویێکی باشتر و پێکهێنانی کۆمەڵێکی یەکسان و وەکهەڤ گیانی خۆیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردوە . یەکی ئایار بۆ ئاهەنگ و شایی نیە، چونکە دەبێ لەو رۆژەدا پەیمانی درێژەدان بە تێکۆشان دژ بە سەرمایەدارو چەوسێنەران جەختی لەسەر بکرێتەوە و بکرێ بە سەکۆی جۆشدانەوەی خەبات بۆ گەیشتن بە جیهانێکی باش و کۆمەڵێکی یەکسان و وەکهەڤ.

یەکی ئایار رۆژی موکربوون و سووربوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە، مەزنێتی چینی کرێکاران و رەوایەتی تێکۆشانی یەکسانیخوازی بەرجەستە دەکات، رابوونی لێبڕاوانە بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکان و کۆتایهێنان بە چەوساندنەوە پێشان دەدات.

ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا، کە هاوکات خەباتی نیشتمانی و یەکسانیخوازی بە ئەرکی خۆمان دەزانین، پشتیوانی لە داخوازیە رەواکانی چینی کرێکاران دەکەین و خۆمان بەرێبواری کاروانی تێکۆشاوی نەپساوەی ئەوان دەزانین، لەهەمان کاتدا هیواخوازین کە یادی یەکی ئایار بۆ بەهێزکردن و یەکخستنی سەنگەری چینایەتی دەکار بکرێ، هەروەها دەخوازین کە زەحمەتکێش و چەوساوانی کوردستان، لایەنە چەپ و شۆڕشگێڕەکان و ئەوانەی بۆ دادپەروەری و یەکسانی تێدەکۆشن لە دەوری یەکتر کۆببنەوەو هەرچی زووترە بۆ پێکهێنانی چەترێکی هاوبەش هەنگاو هەڵبگرنەوە، چونکە تا ئێستاش چەوساندنەوەو نابەرابەری شەپۆل دەدات، سەرمایەداران باکیان بە بژێوی کرێکاران نیەو بۆ زۆرکردنی سەرمایەکانیان لەهیچ شتێک سڵ ناکەنەوە، رۆژ دوای رۆژ جیاوازیەکان قوڵتر دەکەنەوە و بەرهەم و رەنجی کرێکاران هەڵدەلووشن، بۆیە ئەرکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە کە بۆ بنبڕکردنی ستەم و نابەرابەری شێلگیرانەو لێبڕاوانەتر تێبکۆشن، راستیکی حاشا هەڵنەگرە کە ستەم و چەوساندنەوە تەنیا بەخەبات و تێکۆشان کۆتاییان دێ، ماف و ئازادیەکانیش بەتەنیا لەرێی تێکۆشانەوە دەسەندرێن و دەپارێزرێن.

**سەرکەوێ خەبات لە پێناو نەهێشتنی زۆرداری و گەیشتن بە یەکسانی و وەکهەڤی..**
**شکۆداربێت یەکی ئایار رۆژی هاوپشتی کرێکاران.**

**مەکتەبی سیاسی**

**١ی ئایاری ٢٠١٤**
**هەولێر**

www.rpk93.org rpk93@hotmail.com Tel:07701419722
هەولێر/ گەڕەکی راستی، جووتسایدی راستی